

# نامدار قەرەداغی:

## لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانمان نەکراون بە نۆتە، بۆیە تالآن کراون.. فێرخوازەکانیشمان لە فێرگەدا بۆیان نییە باسی سیاسەت بکەن.

هەڤپەیڤین: ئازاد عەبدولواحید

(٣ - ٣)

* نامدار عومەر عەبدولڕەحمان، کە لە کوردستان بە نامدار قەرەداغی ناسراوە، هونەرمەندێکی دیاری بواری گۆرانی و مۆسیقای کوردییە، هەر لە منداڵییەوە هۆگری هونەری موزیک بووە، سەرەتا بە شمشاڵ و تەپڵی شەربە دەستی پێ کردووە. لە ساڵانی شەستەکاندا بە ڕێکەوت ئامێرێکی کەمان لە دوکانی فرۆشتنی پۆشاک، لەلای هونەرمەندی ناسراو (عومەر عەلی ئەمین) دەبینێ و بە نۆ دینار و نیو لێی دەکڕێ، لێرەوە گۆڕانێکی گرنگ و بنەڕەتی لە ژیانی هونەریی ئەودا دروست دەبێ. ئەم وەرچەرخانە لەو کاتەوە ڕوودەدا کە لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩ دەچێتە تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، کە ئەوسا هونەرمەند شەوکەت ڕەشید سەروکاری ئەو تیپی مۆسیقایەی کردووە، دوای ماوەیەک دەبێتە ئەندامی کۆمەڵ، بۆیە هەموو ڕۆژێک هاتوچۆیان دەکات و لەگەڵ ئەندامانی تیپەکە خەریکی ڕاهێنان دەبێ، زۆر نابات دەبێتە جێگری (شەوکەت ڕەشید)ی سەرۆکی تیپەکە، دوای نزیکەی دوو ساڵ، واتە لە ساڵی ١٩٧١ دەبێتە ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری کۆمەڵ، لە هەمان کاتدا دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، لەو ڕۆژەوە زۆربەی هەرە زۆری کار و چالاکییەکانی تیپەکە بەڕێوە دەبات و گۆرانی بۆ هونەرمەندە گۆرانیبێژەکانی ئامادە و دابەش دەکا، ئاوازیشی بۆ هەندێکیان داناوە.

* چەند ساڵێک لەو تیپەدا دەمێنێتەوە،

تا دەگاتە ساڵی ١٩٧٧ کارێکی زۆر دەکات، بەڵام لەم ساڵە بەدواوە، وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی تیپی مۆسیقای مەولەوی، بە هەڵبژاردن دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، بۆیە لە ساڵی ١٩٧٧ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢، هەرچی کار و چالاکییەکی هونەریی ئەو تیپە هەیە جێبەجێیان دەکات، ئاواز بۆ گۆرانیبێژەکان دادەنێ و گۆرانییان بۆ ئامادە و دابەش دەکات، بەوەشەوە ناوەستێ، کە لە قوتابخانەی بێخود دەبێتە مامۆستا، تیپێک بەناوی (تیپی منداڵانی بێخود) دادەمەزرێنێت و نزیکەی (٧٠) منداڵ لەو تیپەدا کۆ دەکاتەوە، هەر لە ڕێگەی ئەو تیپەوە خزمەتێکی بەرچاو بە منداڵانی کورد دەکات، بەهۆی ئەو تیپەشەوە دەیانهێنێتە نێو دنیای هونەرەوە، ئیدی لەو ڕۆژەوەی لەم تیپەدا دەست بەکار دەبێ، خزمەتێکی زۆری هونەری کوردی دەکات.

* ئەم هونەرمەندە کە بەهۆی وەزیفەکەی باوکییەوە لە شاری هەڵەبجە، لە ساڵی ١٩٥١ لەدایک بووە، دوای ساڵێک، بە ماڵەوە دێنەوە سلێمانی، هەر لەو شارەدا دەخرێتە بەر خوێندن، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەکانی: (فەیسەڵییە) و (بێخود) و (ئەمین زەکی)، لە ساڵانی ١٩٥٧ تا ١٩٦٣ تەواو کردووە، هەر لە سلێمانی ساڵی ١٩٦٣ تا ساڵی ١٩٦٦، خوێندنی ناوەندی تەواو دەکات، دواتر لە ساڵی ١٩٦٦ تا ١٩٦٩، لە خانەی مامۆستایانی سلێمانی دەخوێنێ، هەر لەو ساڵەدا پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە دەکات. ساڵی ١٩٧٧، کە تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەمەزرێنێ، لە پاڵ کارەکانی خۆی لەو تیپەدا، لە ١٩٧٧/٥/٢٠ تیپی منداڵانی بێخود دادەمەزرێنێ، تیپی مەولەوی کە لە شەقامی مەولەوی، لەناو بیناکەی تۆفیق



نامدار قەرەداغی – ئازاد عەبدولواحید

قەزاز بووە، بە درێژەپێدەری تیپەکەی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی دادەنرێ، کە ڕێک لە ١٩٦٩/١٢/٣١ دامەزراوە، بۆیە ئەندامەکانی تیپی مەولەوی، هەر ئەو ئەندامانەن کە پێشتر لە تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی لەگەڵی بوون، ئیتر ئەم تیپە نوێیە دادەمەزرێنن، کە پێشتر ئەندامەکانی بە هۆکاری بوونی گرفتی کارگێڕی و هونەری، لە تیپەکەی پێشوویان جیابوونەتەوە و تیپێکی سەربەخۆی نوێ، بە ناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی دادەنێن.

* بیرۆکەی دروستکردنی ئەو تیپە، لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ـەوە لەلایان چەکەرەی کردووە، لەوکاتەوە کەوتوونەتە خۆیان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی بۆ تیپە نوێیەکەیان، دوای ئەو هەوڵە بەپێی نووسراوی کارگێڕی کە لە وەزارەتی ڕۆشنبیریی و هونەرەکان – فەرمانگەی کاروباری کارگێڕی – بەڕێوەبەرێتیی پێوەندییە گشتییەکان – ژمارە ١١٦٢٤، لە ١٩٧٨/٦/٨ و نووسراوی ئەمینداریێتیی گشتی ڕۆشنبیریی و لاوان، ژمارە ٣٦٦٥ لە ٢٠/ ١٩٧٨/٦، نووسراوی بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی جەماوەر لە سلێمانی، بە ژمارە ٥٥٨ لە ١٩٧٨/٦/٢٥، مۆڵەتەکە دەرچووە. ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری تیپی مۆسیقای مەولەوی (٥)

کەسن، لە سەرووی هەموویانەوە (نامدار عومەر عەبدولڕەحمان قەرەداغی، ولیەم یۆحەننا خنانیشۆ، عەلی حەمەڕەزا، عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری، مستەفا عەبدولڕەحمان) بوون. دوای وەرگرتنی مۆڵەتەکە، ئەندامی نوێ وەردەگرن. ڕۆژی ١٩٧٨/٧/٧ بە پێی پەیڕەوی ناوخۆیی، یەکەمین هەڵبژاردنی تیپەکەیان دەست پێ دەکات، لەو هەڵبژاردنەدا نامدار عومەر قەرەداغی دەبێتە سەرۆکی تیپەکە، حسێن ئەحمەد خدر دەبێتە سکرتێر، عەلی حەمەڕەزا دەبێتە ژمێریار، حەمەسەعید عەبدوڵلا و سەلاح مەجید ڕەسووڵ دەبنە ئەندامی دەستەی کارگێڕی، مەحموود محەمەدسەعید و عەبدولڕەحمان محەمەد قەدری دەبنە ئەندامی یەدەگ.

* تیپی مۆسیقای کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی و تیپی مەولەوی و تیپی منداڵانی (بێخود)، لە سەرەتایساڵی ١٩٧٠ەوە تا ئێستا لە زۆربەی ئاهەنگەکانی بۆنەی نیشتمانی و نەتەوەیی بەشدار بوون. ساڵی ١٩٧٤ لە یەکەمین میهرەجانی هونەری کوردی لە بەغدا، کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی بەشدار بووە، چالاکییەکانیان هەر بە شارە گەورەکانی کوردستان نەوەستاوە، بگرە زۆرجار ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقایان بردووەتە شارۆچکەکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی لەوانە: هەڵەبجە، دەربەندیخان، قەرەداغ، چوارتا، قەڵادزێ، عەربەت و تاد.. لە ساڵی ١٩٧٧ەوە بەناوی تیپی کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی، دواتر لە ساڵانی ١٩٧٧ و ١٩٧٨ بەناوی تیپی مۆسیقای مەولەوی، لە ڕۆژی جیهانیی مۆسیقادا بەشدارییان کردووە، بێجگە لە ئاهەنگە بەردەوامەکانیان لە شاری سلێمانی و شارۆچکەکانی دەوروبەری، بەردەوام لە شاری هەولێر و کەرکووک و بەغدا و مووسڵ ئاهەنگیان گێڕاوە.

* لە شاری سلێمانی، لە زۆربەی ئاهەنگەکاندا هاوکاریی مەڵبەندی لاوانی سلێمانی، کارگەکانی جگەرە و شەکر، یەکێتیی مامۆستایان - لقی سلێمانی، یانەی فەرمانبەرانی زانکۆی سلێمانی و سەندیکای ئەندازیارانی سلێمانی و منداڵانی بێ دایک و باوک هەتیوخانە - (میتم)یان کردووە، تەنانەت لە سلێمانی ئاهەنگیان بۆ نەخۆشەکانی نەخۆشخانەی سیل گێڕاوە، ئەم کارانە نیشانەی بوونی گیانی هاوکاری و پێکەوەبیین کە بە فراوانی و لەسەر هەموو ئاستەکاندا، لەگەڵ تیپەکانی ناو شاری سلێمانی، بە مەبەستی بەرەوپێشبردنی هونەری کوردی بووە، لەم ڕووەوە هیچ درێغییان نەکردووە و دەستی هاوکارییان بۆ هەر تیپێک درێژ کردووە کە داوای یارمەتییان لێیان کردبێ، هەمیشە نموونەی هاوکاریی نێوان هونەرمەندەکان و تیپەکان بوون، هەموو ئەوەشیان هەڵقوڵاوی گیانی نەتەوەیی بووە و لەپێناوی بووژانەوە و بەرەوپێشبردنی زیاتری هونەری کوردی، ئەو کارانەیان کردووە.

* نامدار قەرەداغی، هەر لە ساڵی ١٩٦٩ەوە کە پێوەندی بە (کۆمەڵی هونەر و وێژەی کوردی)یەوە کردووە، سەرەتا وەک کەمانچەژەنێک، دواتر وەک ئاوازدانەر و ئامادەکار و دابەشکار، کاری پەروەردەیی و کارگێڕیشی کردووە. ساڵی ١٩٧٢ سەرەتا بە گۆرانییەک بۆ هونەرمەند عوسمان عەلی دەستی پێکردووە و (شەوی بەرات)ی بۆ ئامادە و دابەش کردووە، دوابەدوای ئەوە گۆرانیی (شەوانی شوان)ی بۆ هونەرمەند سەلاح مەجید ئامادە و دابەش کردووە. هەر لەو سەرەتایەوە (٤) گۆرانی بۆ سەلاح مەجید، (٣) گۆرانی بۆ عوسمان عەلی، (٣) گۆرانی بۆ حەمەی نێرگس، (٣) گۆرانی بۆ کۆرس، (٢) گۆرانی بۆ عوسمان شارباژێڕی، (٢) گۆرانی بۆ حەمە جەزا، (٢) گۆرانی بۆ نیاز نووری، ئامادە و دابەش کردووە،

دواتـر کاری بـۆ گۆرانیبێـژان: ئیبراهیـم سـەعید، ئـاوات فایـق، پرتـەو عەبدولعەزیـز، کازاو شـەوکەت، مەحمـوود محەمەدسـەعید، ئەحمـەد محەمـەد، نیشـتمان محەمـەد غەریـب، عەلـی محەمەدئەمیـن، ئەحمـەد محەمەدڕەشـید، حەمەڕەئـووف عەبدوڵـڵا، عەلـی محەمەدئەمیـن، خـەڵات خالیـد دلێـر، کەمـال ئەمیـن، ئـاری عـارف، پەیمـان عومـەر، جـۆرج ئاشـووتی کـردووە و بـۆ هەریەکەیـان گۆرانییەکـی ئامـادە و دابـەش کـردووە.

* سـاڵی ١٩٧٩ ئۆپەرێتی ڕووبار، کە (ع. ع. شـەونم) بـە دەسـتکارییەوە، لـە عەرەبییـەوە وەری گێـڕاوە، ئـەم ئـاوازی بۆ دانـاوە و دابەشـی کردووە. لە تیپی میللیشـدا، سـاڵی ١٩٧٨، (٤) گۆرانـی بـۆ دارا محەمـەد هەورامـی و (٣) گۆرانـی بـۆ کەریـم خەمزەیـی و گۆرانییەکـی بـۆ هەریـەک لـە هونەرمەنـدان عوسـمان کەیمنەیـی و سـیروان هەورامـی ئامـادە و دابـەش کـردووە. ئـەو گۆرانیانـە بەشـێکی زۆریـان شـیعرەکانیان فۆلکلۆریـن، ئەوانـی دیکەیـان شـیعری شـاعیرانی ناسـراوی وەک: مەدهـۆش، نـووری وەشـتی، قـادر برسـی، عوسـمان شـاربازێڕی، ماجیـدی خەیـات، ئەحمـەد محەمـەد، ڕەووف حەسـەن، دڵشـاد مەریوانـی، شـێخ ئەنـوەر، شـێخ سـەلام، سـالار قەرەداغـی، نامـدار قەرەداغـی بـوون.

* لـە بـواری کارکـردن لـە سـروودی کوردیـدا زۆر کاری جوانـی کـردووە، چونکـە هـەر زوو کاریگـەری ئەو سـروودانەی بەسـەر تاکەکانـی کۆمەڵـی کوردەوارییـەوە زانیـوە. یەکـەم جـار سـاڵی ١٩٨٠، لـە سـلێمانی بـە نهێنـی چەنـدان سـروودی نیشـتمانی لەلایـەن تیپـی منداڵانـی بێخـودەوە بـۆ هونەرمەنـد ناسـری ڕەزازی تۆمـار کردووە، کـە لـەو سـەردەمەدا خۆی سـەروکاری ئـەو تیپـەی کـردووە، پاشـان سـروودەکان لـە ڕادیـۆی شـۆڕش بـۆ هەمـوو کوردسـتان بڵاوکراونەتـەوە، ئـەو سـروودانە تـا بـە ئەمڕۆکـەش دەگات نـاو بـە نـاو بـڵاو دەبنەوە و کاریگەریی خۆیان بەسەر هەستی نیشتمانی و نەتەوەیـی گوێگرانـەوە هەیـە، سـروودەکانیش بریتیـن لـە (مـن پێشـمەرگەی کوردسـتانم)، (ئـەی شـەهیدان)، (دایـە ماڵئـاوا)، (هیـوا هیـوا)، (وڕ و کاس و سـەرگەردانم)، (تـا بمێنـێ نـووری چـاو و هێـزی پێـم)، (کارگەریـن جەنگاوەریـن)، (سـەدەی بیسـتەمە)، (مـن ئـەو دیلـەم)، (سـاڵێکی تریـش وا داهاتـەوە)، (دەمـی ڕاپەڕینـە) بـوون، سـەرجەمی ئـەو سـروودانە لـە ئامـادە و دابەشـکردنی ئـەو هونەرمەنـدە بـوون، سـروودی (هیـوا هیـوا)ش خـۆی ئـاوازی بـۆ دانـاوە و ئامـادە و دابەشـی کـردووە.

* کاتێـک بڕیـار دەدا بچێتـە دەرەوەی وڵات، سـەرەتا لەڕێـی هاوڕێیەکـی خـۆی کـە لـە ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـاری سـلێمانی کاری کـردووە، ئەویـش بەهـۆی چاوسـاغێکەوە بـەرەو ناوزەنـگ بەڕێـی دەکا، لـەوێ یارمەتـی دەدەن و بـەرەو ئێـران دەڕوا، لـە ئێـران مـاوەی چەنـد مانگێـک لـە پارکـی ئێـرەم، خـۆی و (١٢) هاوڕێـی دەستبەسـەر دەکرێـن، کاتـێ بەڕێکـەوت کاوەی شـێخ لەتیـف بـەم هەواڵـەی زانیـوە، بـە ئێرانییـەکان دەڵـێ ئەوانـە عایـدی خۆمـن، ئەوانیـش پێیـان دەڵێـن لـە پارکـی ئیرەمـەوە بـەرەو کـەرەج بـڕۆن، لـەوێ پارکێـک هەیـە، لـەو پارکـە، لـە مـاوەی هەفتەیەکـدا مامەڵەیـان بـۆ تـەواو دەکـرێ، پێشـیان دەڵێـن ئەگـەر ئـەو پیـاوە کەفالەتـی ئێـوەی نەکردبـا، نیازمـان وابـوو تـا کۆتایـی شـەڕی عێـراق- ئێـران وەک دەستبەسـەر لـەلای خۆمـان گلتـان بدەینـەوە، پاشـان دەدرانـە دادگـەی شۆڕشـی ئێـران، بـەڵام لەبـەر ئـەوەی ئـەو لـەلای ئێمـە پیاوێکـی گـەورە و پیـرۆزە، بۆیـە لـە ئێـوە خـۆش بوویـن و ئێسـتا دەتوانـن بـڕۆن، کـە ڕۆیشـتوون، بەترانزێـت شـەوێک لـە ڕۆمانیـا ماونەتـەوە و لـە ڕێگـەی هێڵـی ئاسـمانییەوە بـەرەو (ئەمسـتردام)ی پایتەختـی هۆڵەنـدا چـووە.

* لـە سـاڵی ١٩٨٢ کـە دەگاتـە دەرەوەی

وڵات و وەک پەناهەندەیەک لە وڵاتی هۆڵەندا دەگیرسێتەوە، یەکەم کاری کرپنی کەمانچەیەک بووە، پاش هەفتەیەک تیپێکی گۆرانی و مۆسیقا و هەڵپەڕکێ و نواندن دروست دەکات و ناوی (تیپی هونەری ئاوارە)ی لێ دەنێ. بە هۆی چالاکییە هونەرییە زۆر و بەردەوامەکانی، لە شارەکانی هۆڵەندا زۆر زوو ناو و ناوبانگ دەردەکەن، لە ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەناوبانگەکانی هۆڵەندا و ئەڵمانیا زۆر چالاکی دەنوێنن و بەرنامە پێشکەش دەکەن. ساڵی ٢٠٠١ لە هۆڵەندا قوتابخانەی مۆسیقای (نامۆ) بۆ منداڵان و گەوران دادەمەزرێنێ، لەم قوتابخانەیەدا تیپی مۆسیقای نامۆ دروست دەکات کە کار و چالاکییەکانی لەو شوێنەدا زۆر و بەرچاون، هەر لەو ساڵانەدا چەندان جار لە تەلەڤزیۆنی (مێد تیڤی) و (ڕۆژ تیڤی) بە لایڤ پرۆگرام پێشکەش دەکەن. لە هۆڵەنداوە بەشداری لە پێشبڕکێی مۆسیقا دەکەن، هەر ئەو کاتەش دوو ڤیدیۆ کلیپ بۆ منداڵان دەردەکات.

* کارە هونەرییەکانی نامدار قەرەداغی لە ناوەوەی وڵات چەند زۆر و بەردەوامبوون، لە دەرەوەی وڵاتیش هەرگیز لە چالاکیی هونەری دانەبڕاوە و دوور نەکەوتووەتەوە، بۆیە کە گەیشتووەتە ئەوێ، کۆڵی خەمی نەتەوە و هونەر و داهێنانی هەر بە کۆڵەوە بووە، دوای هەفتەیەک کە تیپی هونەری (ئاوارە)ی داناوە، ئەو تیپە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ١٩٩٦ لە چالاکییەکانی خۆی بەردەوام بووە، دوای وەستانی چالاکییەکانی، کە لە ساڵی ٢٠٠١ تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ ئەو چالاکییانە بەردەوام بوون، لە ماوەی (١٥) ساڵدا لە ڕێگەی تیپی (نامۆ) وە درێژەی بە کاری هونەریی خۆی داوە، ئیتر بەرەو کوردستان گەڕاوەتەوە، ساڵی ١٩٨٣ تیپی ئاوارە کاسێتێکی سروودی نیشتمانی دەرکردووە، هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە هەر لە ئاوازەوە تا ئامادەکردن و دابەشکردنیان، ئەم هونەرمەندە گرتوویەتییە ئەستۆی خۆی و جێبەجێی کردوون. دوای دەرکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو کاسێتە، ئەم جارە لەگەڵ تیپێکی هۆڵەندیی بەناوی ئێکس دەردەکەون، لەو ماوەیەشدا ئەو تیپە چالاکە بەشداریی چەندان کۆنسێرت و فیستیڤاڵ دەکات و لە زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانی ئەوروپا میهرەجان و چالاکیی هونەری و سیاسی دەکەن. لە ساڵی ١٩٨٥ تا ساڵی ١٩٩١ کۆنسور ڤاتۆریۆم کە لە هۆڵەندا بەرزترین خوێندنی پراکتیکی مۆسیقایە، بەسەرکەوتوویی تەواو دەکات، دوای ئەو خوێندنە، لە ساڵی ١٩٩٢ـەوە تا کۆتایی ساڵی ٢٠١٦ وەک مامۆستا لە قوتابخانەیەکی هۆڵەندا دامەزراوە و لە چەندان قوتابخانەی ئەوێ وانەی هونەری گوتووەتەوە.

* ئەندامی سەندیکای هونەرمەندانی عێراق بووە، لە ساڵی ١٩٨١ـەوە تا ساڵی ١٩٨٢ کە چووەتە دەرەوە، لە سلێمانی (٢) ساڵ ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەری سەندیکای هونەرمەندان – لقی سلێمانی بووە. لە دەرەوەی وڵات، ساڵی ١٩٨٣ کاسێتێک بۆ (دەلال)، گۆرانیبێژی کوردی باکوور لە ئەڵمانیا دەردەکات، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. ساڵی ١٩٨٦ لە کەنەدا کاسێتێکی بۆ نووری مام برایم دەرکردووە، کە هەموو کارەکانی ئەو کاسێتە، لە ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە، یەکێک لە گۆرانییەکانی ئەم کاسێتە شیعر و ئاوازی خۆی بووە. ساڵی ١٩٨٨ بەبۆنەی کیمیابارانی هەڵەبجەوە، سیمفۆنیای هەڵەبجەی داناوە، کە ئاواز و دابەشکردنەکەی هەر هیی خۆی بووە، لە تیپی سیمفۆنیای ڕوچیتی- هۆڵەندا ساڵی ١٩٨٨

پێشکەش کراوە، دواتر کۆراڵی (ئازیز چاوەکەم) و کۆراڵی (گیانی شیرین)، لە هەڵبەستی خۆی و فۆلکلۆر، ئاواز و دابەشکردنی خۆی، لە ڕێگەی تیپی کۆراڵی هلڤەرسوم کۆنسرڤا تۆریۆم پێشکەش کراوە.

* کارە هونەرییەکانی هونەرمەند نامدار قەرەداغی لە دەرەوەی وڵات زۆرن، لەوانە: لە ساڵی ٢٠٠٥، سەرجەم کارە هونەرییەکانی کۆنسێرتێکی هونەریی تیپی هونەری نامۆ لە هۆڵەندا دەگرێتە ئەستۆی خۆی، ئەوەبوو کۆنسێرتی یەکەم ٢٠٠٧/١٠/٧، لە هۆڵەندا ئامادە دەکا، کە بریتی بووە لە پارچە مۆسیقای ئاوێزان، ئاواز و دابەشکردنی خۆی و ئۆرکێستی سیمفۆنی هەوایی ڤیلس کراخت ڕادەپەڕێنێ. گۆرانی (بۆ بێدەنگی)، پارچە مۆسیقای چەمی ڕێزان، ئاوازی حەسەنی نەی و ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، هەروەها پێشکەشکردنی سروودی نیشتمانی هۆڵەندی و کوردی کە ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، لەگەڵ تیپی مۆسیقای نامۆ پێکەوە پێشکەشیان کردووە، ئەوەش لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بووە. پێشکەشکردنی گۆرانی (هەی بێنن بێنن)، کە شیعر و ئاوازی فۆلکلۆرە، لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی، تارا ڕەسووڵ و نیاز شەیدا گوتوویانە، هەروەسا سیمفۆنیای هەڵبجە لەگەڵ تیپی ئۆرکێستی ڤیلس کراخت، ئامادە و دابەشکردنی خۆی بووە.

* کۆنسێرتی دووەم ٢٠٠٩/١٠/١٠ لە هۆڵەندا (٨) بەرهەمی هونەری لەخۆی گرتووە، لە هۆڵی ستاندس خهۆر زاڵ لایدن پێشکەش کراوە، کە بریتی بووە لە گۆرانی و سروودی نیشتمانی لەوانە: سروودی نیشتمانی ئەی ڕەقیب و سروودی نیشتمانی هۆڵەندی بە جیا و پێکەوە، گۆرانی ئەستێرە نەکوژاوەکان (پەیمان عومەر)، گۆرانی (وەرە قوربان)، (ناسری ڕەزازی)، کۆرسی لینگوا میوزیکا، گۆرانی (شیرین هەر لامە)، (نیاز شەیدا)، گۆرانی (شەش پەپوولەکە)، (دڵنیا ڕەزازی)، کۆراڵی لینگوا موزیکا (گەشتێک بەناو گۆرانییەکانی شەماڵ سائیب)دا، (گەشتێک بەناو گۆرانییەکانی عوسمان عەلی)دا، (دەشتی کەلهوڕی)، گەشتێک بەناو ئاوازە ڕەسەنەکاندا، (ناسڕی ڕەزازی)، سەرجەم ئەو گۆرانی و سروودە نیشتمانیانە، لەلایەن تیپی ئۆرکێستی لایدن سمفۆنیتا و کۆراڵی لینگوا میوزیکا، لە ئاواز و ئامادە و دابەشکردنی نامدار عومەر قەرەداغی بوون.

* کۆنسێرتی سێیەم لە ٢٠١٢/١١/٢٤، لە هۆڵی ستادس خهۆر زاڵ لایدن لە هۆڵەندا پێشکەش کراوە، لەو کارە هونەریانەش گۆرانی (ناکامی)، وتنی (ئونا سنتینا)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سیمفۆنی ئۆرکێست، گۆرانی (من هەم)، وتنی (نەجمەددین غوڵامی)، ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست، کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت. پارچە مۆسیقای بێسنوور، موزیکی ڕۆستینی، مۆزارت، ئەنوەر قەرەداغی، نامدار عومەر قەرەداغی ڕێکی خستوون و لە یەکی داون و دابەش و بە هارمۆنی کردووە. گۆرانی (ئامان میم گورجی)، وتنی (پەیوەند جاف)، ئۆرکێستی ڕاین لاند سیمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆلتی کولتی کۆر ڕۆتردام. ئۆپەرێتی (گوڵی خوێناوی)، ئاوازی ڕەفیق چالاک، ئۆرکێستی ڕاین لاند، سیمفۆنی ئۆرکێست و کۆراڵی مۆلتی کولتی کۆر ڕۆتردام کە سەرجەم ئەو کارانە نامدار قەرەداغی سەرپەرشتی و ئامادە و دابەشی کردوون. کۆنسێرتی چوارەم لە ٢٠١٣/١١/٢٤، گۆرانی (گەشتی هەورامان)، وتنی کۆراڵی کەنتیامۆ دێڵفت، ئۆرکێستی

نامۆ لە هۆڵەندا. گۆرانی (زەماوەندە)، وتنی (پەیوەند جاف)، لەگەڵ ئۆرکێستی بیگ بێند ئۆخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دیلفت. گۆرانی (شیرینێ)، وتنی شاخەوان هەڵەبجەیی و ولیسا ڤان ئارند. ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی کەنتیامۆ دیلفت.

* لەو دوورەوە، لە دەرەوەی وڵاتیش پێشمەرگەی لەبیر نەکردووە و دڵی لەلایان بووە، بۆیە کۆنسێرتی رۆژی ٢٠١٦/٣/٥ی بۆ پشتگیری پێشمەرگە، لە شەڕی دژ بە داعش تەرخان کردووە، ئۆرکێست بیگ بێند ئوخست خەیست و کۆراڵی فۆکاڵ ئەنسەمبڵە ئەلەخریا، گۆرانی (ئاڵاپۆش)، کە لە شیعری ئەحمەد محەمەدە و بۆ پێشمەرگەی نووسیوە، بە تایبەتی داویەتی بە ئەوان، وتنی مارتین ڤان ئۆس و ئێلن ڤان ئۆس، لەگەڵ پێشکەشکردنی سروودەکانی (ئەی شەهیدان، ئەی ڕەقیب، من پێشمەرگەی کوردستانم، وا وەتەن خەملیوە، خۆشم ئەوێ وڵاتەکەم، خوایە وەتەن ئاواکەی)، کە سەرجەمی ئەو گۆرانی و سروودانە لە ئامادە و دابەشکردنی نامدار قەرەداغی بوون، ئەمەش دوا کۆنسێرتی بووە لە ئەورووپا پێشکەشی کردبێ، دواتر گەڕاوەتەوە کوردستان و درێژەی بەکار و چالاکییە هونەرییە جیاواز و تایبەتەکانی خۆی داوە.

* لە کۆتایی ساڵی ٢٠١٦، لەگەڵ گەڕانەوەی بۆ کوردستان، لە شاری سلێمانی فێرگەیەک دادەمەزرێنێ و ناوی دەنێ (فێرگەی نامدار قەرەداغی بۆ فێرکردنی مۆسیقا)، کە بە فەرمی لە ٢٠١٧/٢/٤ کراوەتەوە. ئەم فێرگەیە چەندان چالاکی بۆ منداڵپارێزی کوردستان و کەمپی عەربەت و نەخۆشخانەی هیوا پێشکەش دەکات، فێرگەکە بێجگە لە سلێمانی، دەیان کۆنسێرتی هونەریی ڕەسەنی کوردی لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ساز کردووە لەوانە: هەولێر، دهۆک، هەڵەبجە، دەربەندیخان، چەمچەماڵ، قەرەداغ، هەروەها ئەم فێرگەیە لە زۆر چالاکیی هونەری و لە بۆنەی نەتەوەیی و نیشتمانی و جیهانیدا بەشداری کردووە و بەلایڤ لە زۆر کەناڵی تەلەڤزیۆنی بەرنامەی پێشکەش کردووە، تا ئێستاش لەسەر ئەو کار و چالاکی و بەرنامانەی بەردەوام بووە.

* لەمێژە وەک هونەرمەندێک شوێن پێی کار و چالاکییە هونەرییەکانی ئەم هونەرمەندەم هەڵگرتووە و ئاگاداری ئیشەکانی هەم، دوای ساڵی ٢٠١٦ کە بە یەکجاری گەڕایەوە کوردستان و لە سلێمانی گیرسایەوە و فێرگەیەکی بە ناوی خۆیەوە دانا، لەوساوە ویستوومە هەلێک بدۆزمەوە و گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵدا ساز بکەم و ئەو مێژووە پڕ لە سەروەری و چالاکی و بەخششە زۆرە بەسەر بکەمەوە، ئەوە بوو پێرار (٢٠٢٤) توانیم ئەو ئەرکە ڕۆژنامەوانییە لە شاری سلێمانی بەجێ بگەیەنم و لە هەڤپەیڤینێکی بەرفراواندا بەسەری بکەمەوە. با بە یەکەوە گەشتێک بەناو چالاکی و بیروڕایەکانیدا بکەین و سەرێک بەناو ئەو وێستگانەدا دابگرین و ئەو خەرمانە دەوڵەمەندەی شەنوکەو بکەین.

**سەرنج:**

وەک پێشتر گوتبووم، ئەم گفتوگۆ بەرفراوانەم لەگەڵ هونەرمەند نامدار قەرەداغی، لە ساڵی ٢٠٢٤ تەواو کردووە، پار لە ژمارە (٣٢٨)ی ڕۆژی ٢٠٢٥/٢/٥، بەشی یەکەمی لێ بڵاوکرایەوە، لە ژمارە (٣٣٢)ی ڕۆژی ٢٠٢٦/٦/٥، بەشی پێنجەمی لێ بڵاوکرایەوە، (٣) بەشی گفتوگۆکەمان مابوو کە بڵاوبوونەوەیانم ڕاگرت، بە ئومێدی ئەوەی هەموو هەڤپەیڤینەکە لە دووتوێی کتێبێکدا چاپ بکەم، بەڵام لەبەر ئەوەی جارێ سپۆنسەرێک بۆ چاپی کتێبەکە پەیدا نەبووە، بۆیە بڕیارم دا ئەو بەشانەی دیکەش بڵاو بکەمەوە، کە زیاتر باسی چالاکییەکانی هونەرمەندە لە ئەورووپا، تا ئەو ڕۆژەی لە ساڵی ٢٠١٦ گەڕاوەتەوە کوردستان و لە فێرگە تایبەتەکەی، لەسەر کار و چالاکییەکانی بەردەوام بووە.

**ڕامان:** دیارە لەم فێرگەیەدا، پێش فێربوونی مۆسیقا، لایەنی پەروەردەتان لەبەرچاو گرتووە، وەک زانیومە لە فێرگەکەتان هەندێ شتت قەدەغە کردووە، کە قەدەغەکردنی ئەمانەش لە بەرژەوەندی فێرخوازەکاندان؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕێک وایە، پێیان دەڵێین مۆبایل بۆ چی باشە و بۆ چی خراپە، خەو بۆ چی باشە و بێخەوی بۆچی خراپە، ئەوەندەی ئێمە باسی مۆبایل و خەو و خۆراکیان بۆ دەکەین، ئەوەندە لە قوتابخانەکانیان لەم بارەوە قسەیان بۆ ناکەن.

**ڕامان:** بیستوومە دەڵێن: بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی تەندروستی، دوکتۆریش بۆ فێرخوازەکانت دەهێنی؟

**نامدار قەرەداغی:** تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر دوکتۆرم بۆ هێناون، کێ دەڵێی لە دوکتۆرەکان بۆم هێناون، گوتوومە باسی ئەو لایەنە تەندروستییەیان بۆ بکە، نەک هەر فێرخوازەکانمان، بگرە وتوومە بۆ دایک و باوک و خوشک و برا و کەسوکاریشیان، باسی پەروەردەی تەندروستییان بۆ بکەن.

**ڕامان:** بێجگە لە مۆبایل، بە گشتی تۆ لە فێرگە چی و چیت لێیان قەدەغە کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بێجگە لە مۆبایل، من هاتووم لەناو فێرگە سێ شتم لێیان قەدەغە کردووە، یەکەمیان پێیان دەڵێم کە بە هیچ جۆرێک باسی سیاسەت مەکەن، بۆ خۆت هەر حیزبێکی ببە، تەنیا ناپاکی میللەت مەبە، تاوانبار مەبە، کە باوک و کەسوکار تاوانبار دەبن، ناپاک دەبن، منداڵەکەت گوناحی نییە، ئەگەر لەژێر سەرپەرشتیی تۆدا نەبێ، کە تەمەنی بوو بە هەژدە ساڵ، ئەویش وەردەگرم، بە مەرجێک بۆ لای دایک و باوکی نەچێ، لەژێر جڵەوی خۆیدا بێ، کە ئەوانە نەبووی، ئیتر هەر حزبێک دەبی ببە، بەڵام بۆت نییە لە فێرگە باسی سیاسەت بکەی.

**ڕامان:** باسی سیاسەت بکا، یان لە فێرگەدا سیاسەت وەک هۆکارێک بۆ خۆسەپاندن بەکار بهێنێ؟

**نامدار قەرەداغی:** پێیان دەڵێم نابێ لێرە سیاسەت بەکار بێنن، با بڕۆن لە دەرەوە هەر چی دەبن با ببن، ئێمە کەسی وامان هەیە منداڵی لەلامانە، ئەندامی مەکتەبی سیاسییە، ئەندامی سەرکردایەتییە، تێماندا هەیە کوڕە پێشمەرگەیە، تێماندا هەیە باوکی کۆمپانیای گەورەی هەیە.

**ڕامان:** مەبەستت ئەوەیە بڵێی ئەوانەی لە فێرگە لای ئێوەن، منداڵی بەرپرسە گەورەکانن، بۆیە باسی سیاسەتت لێ قەدەغە کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، منداڵی ئەو بەرپرسانەن، بەڵام تێماندا هەیە کوڕە باخەوانە، تێماندا هەیە باوکی مامۆستای زانکۆیە، تێماندا هەیە کوڕی بەڕێوەبەری پۆلیسی حەرەکاتە، تێماندا هەیە کوڕی بەڕێوەبەری پۆلیسی چوارتایە، تێماندا هەیە کوڕە پۆلیسە.

**ڕامان:** ئەو فێرخوازانە ژمارەیان زۆرە؟

**نامدار قەرەداغی:** لەم کاتەدا کە قسەت بۆ دەکەم، نزیکی حەفتا فێرخواز زیاترن، واتە حەفتا خێزانن.

**ڕامان:** لەو فێرگەیەدا ماوەی مانەوەی فێرخوازەکان لەلای تۆ، چەند دەخایەنێ؟

**نامدار قەرەداغی:** لەلای ئێمە دەرکردن نییە، کەی خۆی نەیتوانی بێت، ئەوە دەڕوا.

**ڕامان:** واتە بۆ مانەوە لە فێرگەکەتان کاتێکی دیاریکراو نییە؟

**نامدار قەرەداغی:** ماوەیەکی زەمەنیی دیاریکراومان نییە، هەموو ساتێک بۆی هەیە بڕوا، بەڵام دەبێ پێشەکی پێمان بڵێ دەڕوا.

**ڕامان:** تەنیا ئەوانەی کە دەیانەوێ فێر ببن دەمێننەوە ؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەوانە بۆیان هەیە بمێننەوە، بەڵام کاتێک ئەوانە دەبنە قوتابی پۆلی دوازدە، خۆت دەزانی لەم وڵاتەی ئێمە قوتابی پۆلی دوازدە یانی چی، بەرانبەر بەوانە نەمتوانیوە هیچ بکەم، لەبەر ئەوەی قوتابی پۆلی دوازدە، لەبەر خۆتەرخانکردن بۆ خوێندن نایەنەوە، هەیشە پۆلی دوازدەیە و جاربەجار دێ سەردانمان دەکا، هەیە دوازدەی تەواو کردووە و زانکۆشی تەواو کردووە دێ، ڕۆژی پێنجشەممە کۆبوونەوەیەکم هەبوو، قوتابیم هەیە لە زانکۆیە، لە کولێژی هونەر بەشی مۆسیقا دەرچووە، لای منەوە بۆ زانکۆ ڕۆیشتووە، لای من یەکەم ئامێر فێر بووە، گۆرانی دەڵێ، مۆسیقا دەژەنێ، ئەمانەشمان هەن، زۆر لەمانە لەلامان ڕۆیشتوون، ئێستا ڕیش و سمێڵیان هەیە، دێن سەرم لێ دەدەن، باوەشم پێدا دەکەن.

**ڕامان:** لەو سەردەمی بێ وەفاییەدا، ئەو وەفایە بۆ مامۆستا زۆر جێی پێزانین و سەرنجە.

**نامدار قەرەداغی:** لەو ڕۆژانە لە ماجدی مۆڵ بووم، بە تەنیا بووم، پیاسەم دەکرد، یەکێک لە دواوە بە ڕاکردن هات بۆ لام، یەخەی گرتم، ئاوڕم دایەوە دەبینم کچێکی گەورەیە، باوکی و خاڵی و کچی خاڵی لەگەڵدایە، ئێمە ئاوا لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بووین، تەنیا لەلای ئێمە باسی سیاسەت ناکرێ، ئەویش لەبەر ئەو هۆکارەیە کە باسم کرد، پێشیان دەڵێین ئێمە دژی سیاسەت نین، لە حەقیقەتدا سیاسەت وڵات بەڕێوە دەبا.

**ڕامان:** سیاسەت گرنگە و بەلاوە نانرێ، بەڵام هەر شتێک لە شوێنی خۆی.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، بۆیان ڕوون دەکەمەوە کە لە ئەمریکا و ئەوروپاش هەر سیاسەت و



**سلێمانی، ١٩٧٧، تیپی منداڵانی بێخود، ئاهەنگی ڕۆژی جیهانی مۆسیقا.**

حیزب وڵات بەڕێوە دەبا، لەبەر ئەوە بە هیچ جۆرێک، قسەکەمان مانای ئەوە ناگەیەنێ کە ئێمە دژی سیاسەتین، پێشمان ناخۆش نییە یەکێک لە هەر حیزبێک بێ، لەوانەیە من لە دەرەوەی فێرگە، مەیلم بۆ یەکێکیان، لە یەکێکی دیکەیان زیاتر بێ، بەڵام قەت دژی ئەوی دیکەیان نیم، من زیاتر دژی کردارە ناشیرینەکانیانم، قەت دژی کەس، یان حزبێک نیم، دژی کرداری کەسەکەم.

**ڕامان:** ئێوە بەو شێوازە پەروەردەییە منداڵەکان فێر دەکەن کە دژی کەس نەبن و هێرش نەکەنە سەر کەس؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، پێمان گوتوون دژی کرداری کەسەکان بن، ئەو کرداری نا، ئەم کرداری، ئێمە بە کاری پەروەردەوە خەریکین.

**ڕامان:** ئەوە یەکەممان زانی کە باسی سیاسەت نەکەن و قەدەغەیە، ئەی دووەم کاری قەدەغەکراو چییە ؟

**نامدار قەرەداغی:** دووهەم لای ئێمە باسی ئایین قەدەغەیە، مەسیحی، جووی، زەردەشتی، شیعەی، سوننەی، هەرچییەک هەی بۆ من گرفتێک نییە، بەڵام بە هیچ جۆرێک بۆت نییە لە فێرگەدا باسی ئایین بکەی، هەر کەسە و دەچێتە قەبری خۆی، لەبەر ئەوەی ئێمە هەموو

موسڵمانین. من لە ژیانمدا نوێژم نەکردووە و جۆرێکی دیکە بیر لە ئایین دەکەمەوە، بەڵام قەت لە فێرگەدا ئایین بەکار ناهێنم.

**ڕامان:** ئەوە بۆ دەرەوەش وەهایان فێر دەکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەگەر بمویستبا شتێکی وەها بکەم، لە ئۆفیسەکەی خۆم بەرماڵێکم دادەنا، لەلای ئێمە منداڵ بۆی نییە لە فێرگە نوێژ بکا، تۆ لە کاتی بەجێ گەیاندنی ئەرکێک دای، بۆت نییە کات بکوژی، ئەگەر هەر نوێژکەری لە ماڵەوە بە قەزا بیگێڕەوە، بڕۆ لەوێ نوێژی خۆت بکە، بەڵام بۆت نییە بە هیچ کەس بڵێی بۆ نوێژ ناکەی، بۆ سەرپۆشت بەسەرەوە نییە، بۆ بەڕۆژوو نیت، پێچەوانەکەشی کەس بۆی نییە بڵێ بۆ نوێژ دەکەی، هەر کەسە و قەبری خۆی، حەقمان بەسەرییەوە نییە، ئەمەش هۆیەکە لەو هۆیانەی نایەڵێ لەگەڵ یەکدی تێک چین، چونکە زۆر جار ئەم دوو بابەتە نێوانی ئێمەی تێک داوە.

**ڕامان:** پێش ئەوەی باسی چالاکییەکانی ئەو فێرگەیە بکەی، وەرەوە سەر باسی خاڵی سێیەم کە لەلای ئێوە قەدەغە کراوە.

**نامدار قەرەداغی:** سێهەمیش مۆبایل، منداڵ بۆی نییە بێ پرسی من مۆبایل بەکار بهێنێ، بۆی هەیە پێی بێ، بەڵام بۆی نییە بۆ دایک و باوک مۆبایل بەکار بهێنێ، ئەوە بێجگە لەوەی مۆبایل وەک تەلەڤزیۆن نییە، چونکە مۆبایل کۆمەڵگەشی لێکتر دوور خستووەتەوە.

**ڕامان:** نەک هەر کۆمەڵگە، خێزانیشی لێکدی دوور خستووەتەوە، برا و برا و خوشک و برا و دایک و کچی لێک دوور خستووەتەوە، بۆ ئەوەی باسی ئایین و باسی سیاسەت نەکەن، بۆ ئەوەی مۆبایل هەروەکوو مۆبایل بۆ پێوەندی کردن بەکار بهێنن.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوە مانای نییە ئەوان پێکەوە دانیشتوون، خەریکی ئەو شتانە بن، کە قەدەغە کرا، ئەوسا چاریان نییە و دەبێ باسی بابەتی بە سوود بکەن، باسی کۆمەڵایەتی و پەروەردە و شتی جوان بکەن، هەر ئەوەیان بۆ دەمێنێتەوە، ئەو دایک و باوکانە پێشتر یەکتریان نەناسیوە، ئێستا هاوڕێی نزیکی یەکترن، منداڵەکان برا و خوشکی یەکن، پێکەوە سەفەر دەکەن.

**ڕامان:** ئەوجار باسی چالاکییەکانی فێرگەمان بۆ بکە، ئایا چالاکییەکانتان هەر لەناو شاری سلێمانی بەڕێوە دەبەن، یان دەرەوەی سلێمانی - شی تێدایە؟

**نامدار قەرەداغی:** چالاکیمان لە سلێمانی زۆرترە، بەڵام لە دەرەوەی (سلێمانی)یش چالاکیمان زۆرە، ئێمە بێجگە لە سلێمانی، توانیومانە لە شوێنەکانی تریش زۆر کۆنسێرت بکەین.

**ڕامان:** مەبەستت لە دەرەوەی سلێمانی کوێیە؟

**نامدار قەرەداغی:** توانیومانە لە هەولێر، لە دهۆک، لە هەڵەبجە کۆنسێرت بکەین.

**ڕامان:** بێجگە لە شارە گەورەکان، لە شارۆچکەکان کۆنسێرتتان نەکردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** تا ئێستا توانیومانە لە دەربەندیخان، لە قەرەداغ، لە چەمچەماڵ کۆنسێرت بکەین، نیازمان هەیە لە شوێنانی تریش کۆنسێرت بکەین، ئەوەتا لە هەولێر ویستمان کۆنسێرت بکەین ڕێک نەکەوت، دەمانەوێ بچین بۆ چوارتا، هەروەها دەمانەوێ بچین بۆ کۆیە.

**ڕامان:** ئەی نیازتان نییە چالاکییەکانتان ببەنە دەرەوەی شار و شارۆچکەکانی باشوور؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، نیازمان وایە و دەمانەوێ بچین بۆ شارەکانی ڕۆژهەڵات، لەوێ هەمموو شتێکمان لەگەڵ ئێران بڕاندەوە، داوای تێکست و پرۆگرامیان لێ کردین، ڕاپۆرتیان داوا کرد، هەموومان کۆ کردەوە و بۆمان ناردن،

ئیتر بارودۆخ تێک چوو، بۆیە جارێ نەچووین.

**ڕامان:** ئەی بۆ شارەکانی باکوور ناچن؟

**نامدار قەرەداغی:** لە بەرنامەماندایە بچین بۆ ئامەد و لە شارەکانی باکوور کۆنسێرت بکەین، ئەمانە لە بەرنامەدان و بۆ داهاتوو بیرمان لێیان کردووەتەوە.

**ڕامان:** ئەی بەرنامەی چوونە ئەورووپاتان نییە؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەگەر گونجا، ئەمانەی ڕۆژهەڵات و باکوور بکرێن، نیازمان هەیە بچین بۆ ئەورووپا کۆنسێرت بکەین.

**ڕامان:** باشە بە نیاز نین بۆ ئاڵوگۆڕی ئەزموون و شارەزایی، تیپە کوردییەکانی ڕۆژهەڵات و باکوور و ڕۆژئاوا بۆ باشوور بانگ بکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** نیازمان هەیە، لەگەڵ ئێران قسەمان کردووە تیپێکی منداڵانی ئەوان بانگهێشتی ئێرە بکەین، بەجیاجیا بێن و ئەوان چەند ماددەیەک لێ بدەن، تیپی ئێمەش چەند ماددەیەک لێ بدەن، دوایی هەردوو تیپەکە تێکەڵ بکەین تا لەگەڵ یەکدا پێکەوە چەند ماددەیەک لێ بدەن، ئێمە بچین بۆ ئەوێ ئەمە بکەین، ئەوان بێن بۆ ئێرە ئەمە بکەن، ئەم پرۆژانە بیریان لێ کراوەتەوە و لەگەڵ بەڕێوەبەرێتیی ڕۆشنبیریی سلێمانی قسەمان کردووە، هەروەها دەمانەوێ لەگەڵ پارێزگار قسە بکەین، بە کوردی و بە کورتی زۆر پرۆژەمان بە دەستەوەیە.

**ڕامان:** هەموو جارێک ئەو حەفتا کەسەکەی فێرگەکەتان، لەگەڵ خۆتان دەبەن؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، ئێمە ئێستا لەم ساتەدا چوار ئۆرکێستمان هەیە، بەگوێرەی ئاستەکانیان کردمانن بە سێ، ئۆرکێستمان هەیە، ئۆرکێستی سێ، کە ئەوانە نوێن، توانایی ئەوانە بۆ مەسەلەی پێشکەشکردنی پرۆگرام، لەوانی دی لاوازترە، گرووپی دووهەم لەوان باشتر و پێشکەوتووترن، بەڵام گرووپی ئۆرکێستی یەکمان، ئۆرکێستە پێشکەوتووەکەیە، ئەوانە تواناییان هەیە، کۆمەڵێک گۆرانیبێژی منداڵ و گەورەمان هەن، گۆرانیبێژە گەورەکان کۆمەڵێک کەسن و لەگەڵماندا جێگیرن، ئەمە ئۆرکێستی یەکە، ئەمانە زیاتر بەم لا و ئەو لادا دەچن، جاربەجاریش ئۆرکێستی دوو، هەندێکیان تێکەڵ بە ئۆرکێستی یەک دەکرێن و هەندێک ئۆرکێست ساز دەکەن.

**ڕامان:** ئەوانەی بەشدار دەبن ژمارەیان دەگاتە چەند؟

**نامدار قەرەداغی:** مەبەستت ئۆرکێستی یەکە؟

**ڕامان:** بەڵێ.

**تا ئێستا عەلی مەردان کارێکی بۆ نەکراوە لە ئاستی گەورەیی و بەخشش و ناوەکەی بێ.**

**نامدار قەرەداغی:** نزیکی ٣٠ ژەنیار دەبن، لەگەڵ نزیکی ١٠ گۆرانیبێژ، بە هەموویان نزیکەی ٤٠ کەسن کە بەشدار دەبن، ئێستا لە ئامادەکارییەکی زۆر گەورەداین بۆ ئەوەی لە تەلاری هونەری سلێمانی کۆنسێرتێک پێشکەش بکەین، دوایین کۆنسێرتمان لە مانگی شوباتی ئەم ساڵ (٢٠٢٤)، لە هۆڵی تەوار، لە سلێمانی کردمان، ئێمە بێجگە لەم کۆنسێرتانە زۆر چالاکیی ترمان هەیە.

**ڕامان:** گوتت بێجگە لە کۆنسێرت، زۆر چالاکی ترمان هەن، ئەو چالاکییەی لەناو کەمپەکان دەیکەن، کەمپی عەربەت و ئەم ناوە، باسێکی ئەو چالاکییەی منداڵپارێزیمان بۆ بکە.

**نامدار قەرەداغی:** کە من هاتمەوە پێوەندیمان لەگەڵ منداڵپارێزی و (کەمپی عەربەت)دا کرد، چووین بۆ لایان و خزمەتمان کردن، دوو جار ئامێری مۆسیقام بۆ باخچەی ساواکەیان، بۆ

منداڵانی کەمپەکە بردووە، وانەی مۆسیقام پێ گوتنەوە، کۆرسێکم بۆ کردنەوە، گۆرانیم پێ گوتن، نوقڵم پێ بەخشین، شیرینیم پێ دان، کەشێکی زۆر خۆشمان بۆ دروست کردن.

**ڕامان:** چەند جار ئەم چالاکییەتان بۆ ساز کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** تا ئێستا دوو جار لەم جۆرە چالاکییانەمان بۆ کردوون، چووین بۆ نەخۆشخانە، جەژنی لە دایکبوونم بۆ هەموو منداڵەکان کرد، دایک و باوکیشیان ئامادە بوون، لەگەڵ هونەرمەند سەلاح مەجید، وەک گۆرانیبێژ لەگەڵ خۆماندا بردمان، گۆرانیبێژی منداڵم بۆ بردن، ئامێرم برد دامە دەست منداڵەکان خۆیان تا بە دڵی خۆیان لێی بدەن.

**ڕامان:** ئەو چالاکییەتان لە ماوەی ڕۆژێکدا پێشکەش کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لە ماوەی ڕۆژێکدا کەشێکی خۆشمان بۆ دروست کردن، لەگەڵ ڕێکخراوی سی دی ئۆ کۆبوونەوەیەکان کرد کە فێرگە بە یارمەتیی کارگێڕیی ئەوان، پێکەوە بچین، من ناوی زۆر شوێنم پێ گوتوون و ئەوانیش ناوی زۆر شوێنیان دیکەیان گوت کە نیازمان وایە بچین چالاکییان بۆ بکەین، لەوانە خەڵوەتی پیران، نەخۆشخانەی هیوا، کە تایبەتە بە نەخۆشەکانی شێرپەنجە.

**ڕامان:** ئەو کار و چالاکییانەتانم زۆر بەلاوە جوانە، ئەوەی کە دەچن بۆ نەخۆشخانە و ئاهەنگ بۆ نەخۆشەکان ساز دەکەن، ئەوە کارێکی زۆر مرۆڤانە و مەزن و جوانە، کاتی خۆشی لە گفتوگۆیەکمدا کە هونەرمەند خالید سەرکارم دواند، چالاکییەکی وای بۆ باس کردم، گوتی چووینە نەخۆشخانە و قەرەوێڵەی نەخۆشەکانمان هێنایە دەرەوە و کۆنسێرتمان بۆیان کرد، دیارە ئەوانیش زوو شتێکی وایان کردووە.

**نامدار قەرەداغی:** ئێمەش ئەوەمان بۆ نەخۆشخانەی



**سلێمانی، ٣٠/ ١/ ٢٠٢٦، بەشداریی فێرگەی نامدار قەرەداغی لە خۆپیشاندانی سلێمانی بۆ پشتگیری لە ڕۆژئاوا.**

هیوا کردووە، چووینەتە شوێنی بێ دایک و باوکان - هەتیوخانە، ئێستا دەمانەوێ بچینە هەتیوخانەی جاران، کە ئەمڕۆ پێی دەڵێن بێ سەرپەرشتەکان، وابزانم ئەوەیان سۆزدارانی پێ دەڵێن، چونکە سێ شوێنیان هەیە، قسەم لەگەڵیاندا کردووە، لەگەڵ بەڕێوەبەرەکە و یاریدەدەری بەڕێوەبەرەکانیان پێک هاتووین، بە نیازی کارێکی لەو جۆرەین.

**ڕامان:** ئەی بۆ خەڵوەتی پیری، چیتان کردووە و چیتان بە دەستەوەیە؟

**نامدار قەرەداغی:** خەڵوەتی پیری سێ سۆزداری هەیە، یەکیان لە ڕێگەی تاسڵووجەیە، سێ دانە هۆڵی گەورەی تێدایە، هیی وای تێدایە دوکتۆر بووە، ئەندازیار بووە، ئێستا ئەو فەقیرانە لەوێن، دوو مەڵبەندی دیکەشیان هەن ئێستا لە سلێمانی-ن، نیاز وایە بۆ هەرسێکیان چالاکیی هونەری ساز بکەین، واتە زۆر شوێنی دیکە هەن کە لەگەڵ سی دی ئۆ باسمان کردوون، ئێمە لەگەڵ ئەوان لە داهاتوودا ئەو چالاکیانە دەکەین، بەگوێرەی شوێنەکە گرووپی بچووک بچووک دروست دەکەین.

**ڕامان:** بەرنامە هونەرییەکەتان بۆ خەڵوەتی پیری و منداڵی بێ سەرپەرشت وەک یەکن، واتە یەک بەرنامەیە، یان جیاوازن؟

**نامدار قەرەداغی:** بۆ منداڵان جیاوازی هەیە، بۆ خەڵوەتی پیران جیایە و دەبێ بۆ ئەوان ئاهەنگی مەقاماتیان بۆ دروست بکەین، گۆرانبێژە کۆنەکانیان بۆ ببەین، هەر شوێنە و بەگوێرەی خۆی پرۆگرامیان بۆ ئامادە دەکەین و خۆبەخشانە دەچینە لایان، ئەمە بەرنامەی کاری ئێمەیە بۆیان.

**ڕامان:** ئەی پێوەندیتان لەگەڵ قوتابخانەکاندا چۆنە؟

**نامدار قەرەداغی:** من بەناوی ئەم فێرگەیەوە چوومەتە قوتابخانەکانەوە، بە تایبەتی چوومەتە قوتابخانە میللییەکانەوە، قوتابخانەی سەرشەقام، کە دوو قوتابخانەیە، لە دوو دەوامی جیادان، من لە هەردوو قوتابخانەکەدا یەک دوو ساڵ بە تەواوی، چەندان ڕۆژ لە هەفتەیەکدا چوومە لایان و وانەم بە هەموو گرووپەکان گوتووەتەوە، چەندان پۆلم تێکەڵ بە یەکتر کردووە، مامۆستاکانم داوا کردووە کە بێن لە وانەکەمدا دانیشن بۆ ئەوەی سەیر بکەن من چۆن وانە دەڵێمەوە، ئەوان حەز دەکەن ئەو وانانە تۆمار بکەن، شێوازی مامەڵە کردنم لەگەڵ منداڵاندا ئاوا بووە.

**ڕامان:** بێجگە لە وانەوتنەوە پێیان، لەو قوتابخانانەدا کۆنسێرتت پێشکەش کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، چەندان کۆنسێرت و ئاهەنگیان هەبووە، تیپی منداڵانی خۆمان، هیی فێرگەکەمانم بۆ بردوون و تێیدا بەشدار بوون، چوومەتە قوتابخانەکانی دی وەکوو قوتابخانەی مەولانا خالید، مامۆستاکان و قوتابییەکانم کۆ کردووەتەوە و وانەی نموونەییم بۆ بردوون و وانەی نموونەییم پێ گوتوونەتەوە، گفتوگۆم لەگەڵ کردوون، بۆ ئەو قوتابخانانە شارەزام لەگەڵ خۆمدا بردووە، لەوانە دوکتۆر زامدار حەمەڕەسووڵ کە پسپۆڕێکی گەورەی پەروەردەیی و دەروونییە، لە ئەمریکا دوکتۆرای بە دەستهێناوە و بۆردی ئینگلتەرای هەیە، لە سلێمانی دوکتۆرێکی زۆر بەناوبانگە، دوو کچی قوتابی من بوون، پیاوێکی زۆر بەڕێزە، خۆبەخشانە لەگەڵ من هات و لەم قوتابخانانە، پاش ئەوەی وانەی نموونەییم تێدا گوتووەتەوە، ئەو دوکتۆرە هاتووە و قسەی بۆ فێرخوازەکان و دایک و باوکیان کردووە، لەم ئیشانەی کردوومانن هەر بەردەوامین، زیاتریشی دەکەین، هاتنی کۆرۆنا تۆزێک دەستی گرتین.

**ڕامان:** هەر ئەو دوکتۆرەت بۆ بردوون، یان دوکتۆری دیکەشت بۆیان بردووە، ئەگەر ناویان بێنی خراپ نییە؟

**نامدار قەرەداغی:** زۆر دوکتۆرم بۆ فێرخوازەکانم بردووە، لەوانە د. هەژار عوسمان کە پسپۆڕی دەروونییە و (٢) جار سیمیناری بۆیان کردووە، د. تەها مەحوی، پسپۆڕی نەخۆشییەکانی دڵ و دەمار و هەناو و شەکرەیە. د. بەختیار تاڵەبانی، پسپۆڕی گەشەپێدانی مرۆیی، د. ڕەحمان عەلی، پسپۆڕی کۆمەڵناسی و پەروەردەیە، د. ئەسرا کەمال شا محەمەد، پسپۆڕی خۆراکە، لەگەڵ زۆر دوکتۆری دی.

**ڕامان:** فێرگە چی دیکەی کردووە بۆمانی باس بکە؟

**نامدار قەرەداغی:** فێرگە هەر ئەمانەی نەکردووە، ئێمە فێرگەمان کردووە بە ماڵ بۆ فێرخوازەکانمان، کە لەلای ئێمەدا وەکوو ماڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تێدا دەکرێ، چۆن دەچیتە ماڵی خۆت، ماڵی مامت، باپیرت، نەنکت، خەڵکی لەو فێرگەیەدا ئاوا ڕەفتار لەگەڵ یەکتر دەکا، ئێمە لەپڕ سەیرانێک ڕێک دەخەین، بە جارێک هەموو فێرگەکە پێکەوە دەچینە سەیران، پێکەوە نان دروست دەکەن، پێکەوە نان دەخۆن، هەر خۆیان پێکەوە مۆسیقا لێ دەدەن، پێکەوە هەڵدەپەڕن، پێکەوە بازاڕ دەکەن، ئەم تێکەڵاوی و پێکەوەییە

بەلامانەوە زۆر گرنگە، لەناو فێرگەدا چۆنی و چاکی لەگەڵ یەک تەواو دەکەن، دەڵێن کەی شەوی کوردییە؟

**ڕامان:** مەبەست لە شەوی کوردی چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەرنامە دادەنێین کە بۆ نموونە فلان شەو ئۆرکێستی یەک و دوو کۆ دەبینەوە، چونکە هەمووی جێگەی نابێتەوە، ئەوان هەموو بە خێزانەوە دێن، لە حەوشەکەدا برنج بە دار لێ دەنێن، ئیشەکانیش زیاتر بە پیاوەکان دەکەم، پیاوی کورد تۆزێک پیاوسالارە، هەرچەندە ئێستا زۆر لە زەمانی ئێمە باشترە، هەندێکیان زیاد لە پێویستیش کار دەکەن، ئێستا تۆزێک ژنانەین، لە فێرگەکەمان، لە ڕوانگە و بیروباوەڕی ئێمەوە، هەموو پیاوەکان دەجووڵێنین، حەز دەکەین پیاویش ئیش بکات و یاریدەی ژن بدا، برنج و شلە لێ دەنێن و سەوزە و زەڵاتە و شیرینی دێنن و لەو فێرگەیەدا پێکەوە دەیخۆن.

**فێرگەمان کردووە بە ماڵ بۆ فێرخوازەکانمان وەک هەر ماڵێک ڕەفتار و هەڵسوکەوتی تێدا دەکەین.**

**ڕامان:** لەو سەیران و گەشتانەدا هەر خەریکی چێشت لێنان و نان خواردنن، یان بەرنامەی دیکەتان هەیە؟

**نامدار قەرەداغی:** نەخێر، لەوێ دەبێ بە پێشبڕکێ و دەیانکەم بە دوو گرووپ، بە پرسیار و بە وەڵام لەگەڵ یەکدا بە شەڕیان دەدەم، یان بەبێ قسەکردن، بە نمایشکردن ناوی کەسی ناسراو و مەتەڵ هەڵدەهێنن، بە گۆرانیگوتن پێکەوە سەرقاڵیان دەکەم، لە دواییدا بینگۆ و دومبەڵە دەکەین و تا درەنگانی شەو، دەکەوینە دنیایەکی دیکەوە، هەموو خەفەتێکت لەبیر دەچێتەوە، ئەوجا گرووپی ئۆرکێستی سێ و چوارەم، هەمان شتیان بۆ دەکەم.

**ڕامان:** ئەوە سەیرانی ناو فێرگەمان زانی، ئەی بۆ گەشت و سەیرانی دەرەوەی فێرگە ناچن؟

**نامدار قەرەداغی:** چۆن ناچین، چووین و پێکەوە زۆر سەیرانمان کردووە، هەر ماوەیەک لەوەپێش سەیرانێکمان کرد، لەوەشدا ئەندامەکانمان بەشدار بوون، کە لە سەیرانگەیەکی نزیک سلێمانی بوو، لەوێ ئەم شتانەی باسم کردن، خواردن ئامادەکردن و کڕینی کەلوپەل و چێشت لێنان و هەموو شتێک هەر خۆمان دەیکەین، مۆسیقا و گۆرانی تا درەنگی شەو، قسەی خۆش و زۆر لەو جۆرە چالاکییانەمان کردووە.

**ڕامان:** ئیشێکی باشیشتان ئەوەیە ئێوە تەنیا لە سەنتەری شارەکان چالاکی ناکەن، لە هەولێر و سلێمانی و دهۆک و هەڵەبجەوە، دەڕۆن بۆ چەمچەماڵ، دەربەندیخان و قەرەداغ، وەک باسیشت کرد گوتت دەچین بۆ کۆیە و ئەو شوێنانەش، بەلای منەوە ئەوە هەنگاوێکی زۆر گرنگ و چاکە.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ئەوە بەرنامەمانە، بەڵام ئێمە ئیمکانییەتی دارایی و دەسەڵاتمان سنووردارە، ئەگەر ئێمە بچین بۆ هەولێر، دەبێ هەولێر یارمەتیدەرمان بێ، بەداخەوە یارمەتییەکە هەر ئەوەندە بووە، کە لە هەموو کۆنسێرتەکەدا هۆڵمان بدەنێ، لە سلێمانی هۆڵی هونەریان داوینەتێ، بەڵام دەبێ پارەی فەرمانبەرێک بدەین، پێشتریش ئەو پارەیەمان هەر داوە، دەبێ خۆشمان پاکی بکەینەوە، دەبێ پارەی گازوایل ملیۆنێک و قسوور بدەین، بۆ هەموو کۆنسێرتێک ئێمە ملیۆنێک و قسوورمان داوە بە گازوایل و لە هۆڵەکە ڕەقیش بووینەتەوە.

**ڕامان:** ئەوە لە هۆڵەکەی شاری هەولێر ڕەق بوونەتەوە؟

**نامدار قەرەداغی:** نا، ئەوە لە هۆڵەکەی

سلێمانی، لە هۆڵی هونەر بوو، ملیۆنێک و قسوورمان داوە، سەرەڕای ئەوەش لە هۆڵەکەدا ڕەق بووینەتەوە.

**ڕامان:** ئەوە بۆ چەند ڕۆژ ملیۆنێک و قسوور دەدەن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە نزیکەی یەک ڕۆژ گازوایلەکە بەکار دەهێنین، تەنیا ڕۆژی نمایشەکە، ڕۆژەکانی دیکە داوامان لە دایرەی کارەبا دەکرد، کارەبایان بۆ دابین دەکردین، ڕۆژی یەکەمیش کارەبایان بۆ دەکردینەوە، بەڵام ئەوە تۆزێک مەترسیدار بوو، دەترساین لەپڕ کارەبا نەمێنی، یان شتێک ڕوو بدا و کۆنسێرتەکە هەمووی تێک بچێ، بۆیە هەر بە موەلیدە ئیشەکانمان ڕایی دەکرد.

**ڕامان:** ئەی کەی سەرماتان دەبوو؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕۆژانی ڕاهێنان ڕەق دەبووینەوە، دەبێ ئەو موەلیدەیە زۆر زوو داگیرسێ، چونکە زۆر درەنگ هۆڵەکە گەرم دەبێ، بە ئاسانی گەرم نابێ، ماوەی زۆری دەوێ، مەبەستم ئەوەیە بڵێم هەموو شتێک لەسەر خۆمان بووە، ئیتر ئەگەر ویستبێمان سپۆنسەرێکمان دەست کەوێ، سپۆنسەرەکە هەر خۆمان بووین، هاوڕێیەکمان کۆمپانیای هەیە، واستەمان پێی کرد هانی کۆمپانیایەکی دا هۆڵەکەی هەولێرمان بدەنێ، ئەگین هەموو چاپکردن و گازوایل و ئەمانە لەسەر خۆمان بووە.

**ڕامان:** ئەی کۆمپانیاکان خۆیان سپۆنسەرتان ناکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** کۆمپانیایەکی شاری دهۆک، بەهۆی کۆمپانیای هاوڕێیەکی خۆمانەوە، پاسی بۆ گرتین و خەرجیی فێرگەی کرد و پێداویستییەکانی بۆ فەراهەم کردین، خوا هەڵناگرێ بە ڕێکوپێکی کردی، ئەوانەی دیکە دایک و باوکەکان پارە دەدەن، ئێمە چووین بۆ هەولێر پارەمان کۆ کردووەتەوە، دایک و باوک پارەی بە مناڵی خۆی داوە.

**ڕامان:** ئەی ئەگەر خێزانێک پارەی نەبووبێ، چی بکا، چۆن ئەوەتان چارەسەر کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** ڕاستە، خێزان هەبووە نەیبووە، دەوڵەمەندەکانم کۆ کردووەتەوە، پێم وتوون وەرن ئەم خێزانانە ئیمکانییەتیان نییە، تەنانەت هەندێ فێرخوازمان هەن نایەنە دەرەوە بچین بۆ نانخواردن، لەبەر ئەوەی دەستیان کورتە، نەمانهێشتووە پێشی بزانن، یان بێ ئەوەی کەسی دیکە پێ بزانێ، ئێستا لەو فێرگەیەدا لەم جۆرە کارانە زۆر دەکرێ، قوتابیمان هەیە ئیمکانیەتی هەیە، بڕێک پارە دەهێنێ و دایدەنێ، ئەو قوتابیانەی ئیمکانیەتیان نییە، بڕی پارەی کەمتر دەدەن، قوتابیمان هەیە هەر ئیمکانیەتی نییە، ناتوانێ پارە دانێ و هیچ ناهێنێ.

**ڕامان:** باشە کە دەچن بۆ سەیران، ئەو منداڵە هەژار و دەستکورتانە لەگەڵ خۆتان دەبەن؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، جار بووە لەگەڵ خۆمان دەیانبەین، بەجێیان ناهێڵین، جار بووە خواردن و کەلوپەلی سەیرانمان کڕیوە و چووین بۆ سەیران، قوتابیمان هەیە پارەی نەبووە، خۆمان لە فێرگە و لەلایەن دایک و باوکی دەوڵەمەندەکانەوە پارەمان کۆ کردووەتەوە، ئیشەکەمان پێ جێبەجێ کردووە.

**ڕامان:** زانیومە هەندێ جار کە فێرخوازێکتان نەخۆش کەوتووە، بە دەمیانەوە چوون و فریایان کەوتوون و هاوکاریتان کردوون؟

**نامدار قەرەداغی:** لەم ماوەیەدا خێزانێک کە سێ چوار ساڵ زیاترە لە فێرگە نەماوە، تووشی گرفتێکی تەندروستی بووبوو، پێویستی بە نەشتەرگەری گەورە هەبوو، یەکێک بوو لەو خێزانانەی کە نەیانبوو، من چەند باوکێکی پارەدارم کۆ کردەوە، کە بینیم پارەکە کەمە،

کەسوکاری خۆم کە لە ئەوروپان، تەلەفۆنم بۆ کردن، پێم گوتن شتێکی وا هەیە، لە کەسوکاری خۆم و لە هەندێ لەو دایک و باوکانە و چەند کەسێک و لە فێرگەش چەند کەسێک، بڕە پارەیەکی باش باشم بۆی کۆ کردەوە.

**ڕامان:** ئەو نەخۆشە سوودی لەو کۆمەک و پێتاک کۆکردنەوەیەی ئێوە وەرگرت؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، لەم بەینەدا بە چەند قۆناغێک نەشتەرگەرییەکەی بۆ کرا، چەند نەشتەرگەرییەک بوو، واتە فێرگە ئەم کارانەش دەکا، هەمبووە فەرمانبەر بووە، سەرەتا ئیشی هەبووە، دواتر ئیشی نەماوە، ئیدی پارەی چی بە ئێمە بدا، ئەوە ئیشی نییە و بەدوای ئیشدا دەگەڕێ، هەیشە هەیەتی، بڕە پارەیەکە و دەبێ مانگانە بیدا.

**ڕامان:** وەک دیارە فێرگەکەی ئێوەش خەرجی زۆرە؟

**نمدار قەرەداغی:** من خۆم لە فێرگە کرێچیم و کرێ دەدەم، پارەیەکی زۆری موەلیدە دەدەم، چونکە دەبێ ئامپێری کارەبای موەلیدەم زۆر بێ، پارەی ئاو دێ، پارەی کارەبای حکوومەت هەیە، بستێک عەرز، شووققەیەک، خانوویەک، لەتەژوورێک، مووچەیەک، هیی من بێ وجوودی نییە، لە ژیانیشمدا داوام نەکردووە و نیازیشم نییە داوای بکەم، کەس نەیگوتووە ئەرێ وەرە با بتدەمی، خۆم موستەحەقی خانەنشینم، پێش ڕاپەڕین عەرزەم هەبووە لێیان ستاندوومەتەوە، لەبەر ئەوەی هەڵوێستم هەبووە، زەوییە ئیفراز کراوەکەی پێشتر باسم کرد، واتە لەلای من سەربەرزی زۆر لە کۆشک و مووچە و دەستکەوت گەورەترە.

**ڕامان:** ئاگادارم ئەو فێرگەیەی ئێوە لە بۆنە نیشتمانی و نەتەوەییەکان بە چالاکییە هونەرییەکانتان زۆرجار بەشداریتان کردووە، ئەوەشت لەبیر نەچێ و باسی بکە.

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، هەر بۆنەیەک هەبووبێ، بۆنەکە نیشتمانی و نەتەوەیی بێ، حزبی نەبێ، ئێمە ئامادەبووین و ئامادەین تێیدا بەشدار بین، ئێمە شەوی بەراتمان زیندوو کردەوە، ئەگەر ئاگات لێ بێ، شەوی بەرات کە بەرەو نەمان دەڕۆیی، وەکوو زۆر نەریتی ترمان کاڵ بووبوویەوە، هاتین ئەوەمان زیندوو کردەوە، تیپی مۆسیقامان دروست کرد و بە گرووپی گەورە گەورە، بە مۆسیقا و گۆرانییەوە بە کۆڵاناندا گەڕاین، ئەمە دەنگدانەوەی گەورەی هەبوو، خەڵک بە گەرمی و بە خۆشییەوە بۆ شەوی بەرات هاتووە.

**ڕامان:** بێجگە لە زیندووکردنەوەی شەوی بەرات، ئامادەن لە زیندووکردنەوەی نەریتە ڕەسەنەکانی دیکەی کوردەواریدا بەشداربن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئامادەین لە هەموو شتێکی ئاوادا بەشداربین، ئەوەی بە ئێمە بکرێ و لە توانایی و دەسەڵاتماندا هەبێ دەیکەین.

**ڕامان:** گرفتی نەکردن و بەڕێوەنەچوونی ئەو جۆرە چالاکییە گرنگانە چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** لای ئێمە منداڵ ئیشەکە دەکات، منداڵیش قوتابخانەی هەیە، ئەم قوتابخانانەی ئێمە ئەرکی زۆر دەخەنە سەر شانی منداڵەکان، کاتێکی کەم لە قوتابخانەن، بەڵام بۆ ماڵێ کاتێکی زۆر ئەرکیان هەیە، ناشتوانی هەموو ڕۆژێ منداڵ بیهێنیت و ئیشی پێ بکەی، ڕێکخستنی ئەمەش ئاسان نییە، هەر شتێک بێ ئاسان نییە.

**ڕامان:** بۆچی ئاسان نییە؟

**نامدار قەرەداغی:** بۆ نموونە ئەم کۆنسێرتەمان بە دەستەوەیە و بڕیارمان لێ داوە، خۆی لەگەڵ ئۆرکێستی یەک هەموو پێنجشەممانێک پرۆڤەمان هەیە، ڕۆژێکی دیکە بە گرووپ لەسەر کتێب و کاغەز وانەی ئاساییمان هەیە، وەکوو ئۆرکێست پێنجشەممان هەیانە، ئێوارەی پێنجشەممان کاتەکەی زیاد دەکەین، هەموو جومعەیەکیش ئۆرکێستەکە لە ٢ی نیوەڕۆوە تا ١٠ی شەو

ڕاهێنـان دەکـەن، ئەمـەش هیلاکیـی دەوێ.

**ڕامان:** خەرجیشی پێویستە.

**نامـدار قەرەداغـی:** خەرجـی دەوێ، دەبـێ بـۆ مانەوەیـان نانیـان بدەیتـێ، دەبێ نانیـان بۆ ئامادە بکـەی، دەبـێ ئـاوی پـێ بـدەی، دەبـێ شـیرینی بدەیتـێ، دەبـی خۆشەویسـتی پـێ ببەخشـی، دەبێ نەیەڵـی هیـلاک بـێ، نابـێ بێتاقـەت بـێ، ئـەم ئیشـە پارەشـی دەوێ، ئیشـەکە ئاسـان نییـە.

**ڕامـان:** ڕاسـتە، ئـەو پێداویسـتیانە هەمـووی پێویسـتن، دەسـتتان خـۆش بێـت، ئیشـێکی باشـتان کـردووە، هیـوادارم بـەردەوام بن.. لەناو قسـەکانماندا پێشـتر باسـی کۆمەڵێـک کەسـمان کـرد کـە کەمتـر لەنـاو گفتوگـۆ و نووسـین و کتێبەکانـدا ناویـان دێ، یـان کـەم بەسـەر کراونەتـەوە و بەسـەر دەکرێنـەوە، لەوانـە شـەوکەت ڕەشـید و سـەلاح ڕەشـیدی بـرای، عوسـمان شـارباژێڕی، قـادر دیـلان و جـەلال عەزیـز، ئەوانـە کەسـانی گرنـگ بـوون، لـەلای خۆتـەوە کێـی دیکـەت بـە خەیاڵـدا دێـن لـەو جـۆرە کەسـانە هەبـن، کەمتـر بـاس کرابـن و تـۆ لـە نزیکـەوە ناسـیبێتیانت و زانیاریـت لـە بارەیـەوە هەبـێ؟

**نامـدار قەرەداغـی:** ویلیـام یوحەننـاش یەکێکـە لەوانـە، کـە تـەواو تـەواو پەکـی کـەوت، ئەوجـا ڕێزلێنانێکیـان بـۆ کـرد، ئـاگادارم بـە تـەواوی پەکـی کەوتبـوو.

**ڕامـان:** ئەویـش بەهـۆی ئێمـەوە بۆیـان کـرد، کـە بینییـان مامۆسـتا باکـووری-م لەسـەر خەرجیـی گۆڤـاری ڕامـان نـاردە لای بـۆ سـلێمانی، چونکـە مامۆسـتا باکـووری خزمێتـی، خوشـکی ویلیـام یوحەننـا نـاوی جولێت یوحەننایە، براژنـی مامۆسـتا باکـووری- یە، هاوسـەری (فلیـپ)ی بـرا بچووکیەتی.

مامۆسـتا باکـووری کـە زوو زوو دەهـات بـۆ لامـان و سـەردانی دەکردیـن، ئەوکاتـە بـەردەوام وتـاری بۆمـان دەنووسـی، ڕۆژێـک پێشـنیارم بـۆی کـرد و پێـم گـوت، ئێمـە بـە ئیفـاد دەتنێریـن بـۆ سـلێمانی، لەلایـەک وەکـوو خـزم و هـاوڕێ، کـە لـە کۆنـەوە خەریکـی هونـەرن و یەکتـر دەناسـن، دەچیـت بـۆ لای و بەسـەری دەکەیتـەوە، کـە چـووی بـۆ لای، هەڤپەیڤینێکـی باشـی لەگـەڵ بکـە، ئـەو چەنـد ڕۆژەی کـە لـەلای دەبـی، نابـێ مانەوەکـەت لـە دوو سـێ ڕۆژ کەمتـر بـێ، ئـەوە بـوو ڕەزامەنـدی دەربڕی و زۆریشـی پـێ خـۆش بـوو، منیـش بـۆ ئـەو مەبەسـتە هـەزار دینـاری سویسـریم بـۆ دابیـن کـرد، سـەفەرەکەی بـۆ سـلێمانی کـرد و نزیکـەی (٢) کاتژمێـر گفتوگـۆی لەگـەڵ تۆمـار کردبـوو. (شـەماڵ سـائیب)یش کـەم لەسـەری قسـەکراوە و نووسـراوە، بەهەرحـاڵ تـۆ چـی لـە بـارەی ئەمانـەوە دەزانـی، بـە تایبەتـی لەبـارەی ویلیـام یوحەننـا و شـەماڵ سـائیب، ئەگـەر بیرەوەرییـەک لـە یادتـدا هەبـێ بۆمانـی بـاس بکـە.

**نامـدار قەرەداغـی:** ئەمانـە هونەرمەنـدی گـەورەن، هونەرمەنـدی گـەورەن، (عەلـی مەردان)یـش تـا ئێسـتا هیچـی بـۆ نەکـراوە، ئەوانـە تـا لـە ژیانـدا بـوون، هیچیـان بۆ نەکرا، ئاخـر عەلـی مـەردان لـە کەرکـووک ناوەندێکـی گـەورەی هونـەری بەناویەوە نییـە، ئەوانەی هـەن بـەس نیـن و لـە ئاسـتی گەورەیـی بەخشـش و ناوەکەیـدا نیـن، ئـەو هونەرمەندانـە ئەوەنـدە گـەورە بـوون، دەبـێ وانەیـان لـێ وەرگریـن، پێویسـتە بزانیـن تـا لـە ژیانـدا بـوون، چـۆن ژیـاون، چەنـد ڕێزیـان لـێ گیـراوە، چەنـد بـە خۆشـی ژیـان.

**ڕامـان:** ئـەی قـادر دیـلان کـە لـە دەرەوەی وڵات بـوو، ژیانـی چـۆن بـوو؟

**نامـدار قەرەداغـی:** مـن ئـاگام لـە ژیانـی بـوو، هونەرمەندێکـی گـەورەی وەک قـادر دیـلان، ژیـان و گوزەرانـی بـاش نەبـوو، ئـەوەی دەڵـێ وا نییـە، ڕاسـت نییـە، هونەرمەندێکـی وا گـەورە، دەورێکـی وا گەورەی لـە مۆسـیقای کوردیـدا هەبووبـێ، بۆچـی دەبـێ تـا کۆتایـی ژیانیشـی لـە دۆخێکـی وا خراپـدا بـژی و بـەو بارودۆخـەوە سـەر بنێتـەوە؟ ویلیـام یوحەننـا کـە مامۆسـتای مامۆسـتاکان بـوو، گونـاح نییـە لـە

ژیانیدا بە خۆشی نەژی، ناڵێم برسی بووە، بەڵام ئەوەندەی پێ نەبەخشراوە ژیانی خۆش بێ.

**رامان:** هەرچی جارێک چووبێتم بۆ چالاکیی قوتابخانەکان، ئەو مامۆستا ویلیام یوحەننایەم بینیوە خەریکی ژەنین و پرۆڤە و ڕاهێنان بوو، بەردەوام خەریک بوو، کاتی خۆی بە دانیشتن و قسەی بێ کەڵک نەدەکوشت.

**نامدار قەرەداغی:** هەندێک قسە هەیە هیی گوتن نین و ناگوترێن، ئەویش کابرایەکی ساکار و سادەی ڕووخۆشی خاکەڕا بوو، ئەگەر بە وشەی دیکە بمەوێ بیڵێم، حەز ناکەم هەموو شتێک بڵێم، گوناحە ئەم ساکاری و خاکەڕایییە وای لێ بێ تۆ بە جۆرێکی دیکە سەیری بکەی، بە جۆرێکی دیکە قسەی لەگەڵدا بکەی، یان بیدوێنی، ئەگەر لێم تێ بگەی.

**رامان:** لە مەبەستەکەت تێ دەگەم، ئەم میللەتەی ئێمە بە دێو ڕادەبوێری.. تۆ هیچت ماوە بیڵێی؟ قسەیەکت بۆ گوتن ماوە؟ یان بابەتێک پێت خۆش بێ بیورووژێنی و باسی بکەی؟

**نامدار قەرەداغی:** ئەگەر شتێکم مابێ و لەبیرم چووبێ، لە ڕێگەی واتسئاپ و ڤایبەر و ماسنجەر دەتوانین لەگەڵ یەکدی قسە بکەین و پێتی بڵێم، دواتر وێنەکانیشت بۆ دەنێرم.

**رامان:** تۆ پێشتر گۆڤاری (رامان)ت دیوە؟

**نامدار قەرەداغی:** بەڵێ، ناوبەناو دیومە، بەڵام زۆر دەمێکە دیومە، خەریکە بە باشی نایەتەوە خەیاڵم.

**رامان:** مەبەستم ئەوە بوو بزانم باری سەرنج و بیروڕات لە بارەیەوە چییە؟

**نامدار قەرەداغی:** بە داخەوە ئەوندە نەمدیوە، باشترە بڵێم دەمێکە نەمدیوە، بۆیە ناتوانم بە تەواوی قسەی لەسەر بکەم، ئەگەر یەک دوو ژمارەی سەیر بکەمەوە، ئەو کاتە بەبیرم دێتەوە، ئەوسا ئینسان دەتوانێ قسە لە بارەیەوە بکات.

**رامان:** سایتمان هەیە، www.raman-media.net لێ بدە، زۆربەی ژمارەکانی پێشووی دێنە بەردەستت، بەهەرحاڵ زۆر سپاس، ئەوە چەند ڕۆژێکە ئەزیەتم دای، چەند سەعاتێکمان تۆمار کرد، قسەی زۆریشمان کرد، هەر شتێکیش لە خەیاڵتدا مابوو و حەز بکەی باسی بکەی، بۆمانی بنێرە، ئێمە دەیخەینە شوێنی خۆی. هەندێک ناو و لایەنی دی، دەبێ پێکەوە ساغیان بکەینەوە، هەوڵ بدە ناوەکانت بەبیر بێنەوە، کە بەبیرت هاتنەوە بۆمانی بنێرە، ئەوانەی لە کار و چالاکییەکانت بەشداربوون، ئەوانەی ناسیوتن کێ بوون، یان یەک دوو ناو کە نەتزانی و لەبیرت چووبوون، ئەگەر هەر نەبوو چار نییە، ناوی یەکەمیان بزانی هەر باشە داینێین.

**نامدار قەرەداغی:** منیش سپاست دەکەم کە کاتی زۆری خۆت بەم کارەوە کوشت، کارەکەت پیرۆزە، ئەمە ئەرشیڤە، ئەمە مێژووە، ئێمە لەوەدا زۆر زۆر کەموکووڕیمان هەیە، بۆیە زۆر بەرهەممان فەوتاون، لەبەر ئەوەی ئەرشیڤمان نەبووە، نووسینەوەمان نەبووە.

**رامان:** لە بواری مۆسیقادا، لەبەر ئەوەی کورد مۆسیقایەکی هونەریی جێگیری ساز نەکردووە، مۆسیقاکەمان زۆری لێ فەوتاوە.

**نامدار قەرەداغی:** لە کوردستاندا، ماوەیەکی دوورودرێژ مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری نەبووە، کە هونەرمەندە گەورەکان بچنە ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەوە و لەوێ کۆ ببنەوە و یەکتر ببینن و بمێننەوە.

**رامان:** بەڕای تۆ هۆیەکەی چییە مەڵبەندێکی وامان نەبووە تێیدا کۆببنەوە و هەر پەرشوبڵاوی ماون و دوور لە یەکتر کاریان کردووە؟

**نامدار قەرەداغی:** هەر ئەوەیە کە پێشتر وتم، لەبەر ئەوەی مەڵبەندێکی ڕۆشنبیریی نەبووە کۆیان بکاتەوە، ئەگەر هونەرمەندێکی گەورەش هەبووبێ، ئەوە بۆ مەڵبەندی ڕۆشنبیریی هونەری دی ڕای کردووە، ئەم مەڵبەندە لە کوێیە؟ لەلای

سوڵتانەکانە، لەلای میرەکانە، یان لە بەغدا بووە، لەبەر ئەوەیە زۆر بەرهەمی ئێمە فەوتاون و بوون بە هیی میللەتانی دی، بۆ ماوەیەکی دووروودرێژ ئێمە ئەو مەڵبەندە ڕۆشنبیرییەمان نەبووە، بۆ ئەوەی لێی تێ بگەین، باشترین نموونە تۆ وەرە باسی زریاب بکە، لەوانەیە خەڵک لێی تێ نەگا، کابرا کورد بووە و چی بووە و چی نەبووە، باسی باشترین شت بکە، ئیتر تێ دەگەی ڕابوردوومان لە ئێستاش خراپتر بووە.

**ڕامان:** ئەی ئیبراهیم تاتلس کە خۆی کوردە، سەداسەد کوردە، لەبەر بارودۆخی سیاسی و دۆخی کوردستان بە گشتی، یان لەبەر ئەوەی کورد نەیتوانیوە لە باکوور بە کوردی گۆرانی بڵێ، چونکە ئەگەر بە کوردی گۆرانی بگوتبایە، ئەوە تووشی گرفت دەبوو، بەناوبانگ نەدەبوو.

**نامدار قەرەداغی:** پارەی پێ پەیدا نەدەکرا هونەرەکەی پێش بخا، لەبەر ئەوە بە تورکی کەوتە گۆرانیگوتن، یان باشترە بڵێم بە تورکی گۆرانی کوردی گوت.

**ڕامان:** هەر بە تورکی گۆرانی نەگوت، ناپاکیشی لە هونەر و میلۆدی کوردی کرد و بەرگی تورکیشی بە بەردا کردن، ئێستا تورک ئەو هونەرە بە هیی خۆیان دەزانن.

**نامدار قەرەداغی:** وایە، هونەر و کولتووری تۆی هێنا و کردی بە هیی تورک، ئێستاش بە زۆر کەس بڵێی ئەم گۆرانییە لە بنەڕەتدا کوردییە، دەڵێ نا، وا نییە، ئەوە نییە بە تورکی گوتراوە، ئێ بابە ئەوە خۆی کوردییە و بە هۆکاری خۆسەپاندن و ئەو بارودۆخەی لەوێ هەیە دزراوە.

**ڕامان:** ئەگەر لە سەردەمی نوێدا ئەمە بکرێ، دەبێ لە کۆندا چۆن بووبێ، بۆ ڕێگریکردن لەو تاڵان و فەرهودەی هونەرەکەمان چی بکەین؟

**نامدار قەرەداغی:** لەبەر ئەوەی گۆرانییەکانمان نەکراون بە نۆتە، هیچمان پێ ناکرێ، ئەورووپا لە دوای سەدەکانی ناوەڕاست گۆرانییەکانیان کرد بە نۆتە، لە بواری ئەدەب و نووسینیشدا زۆریان نووسیوە، ئێمە تا ئێستا هیچمان نەکردووە.

**ڕامان:** ئەی بۆ دەست پێ ناکەن، یان باشترە بڵێم کەی دەست پێ دەکەن؟

**نامدار قەرەداغی:** ئێمە لە شەستەکانەوە فێری نۆتە بووین، لە پەنجاکاندا نۆتەمان نەدەزانی، کە بزانین بە تەواوی نۆتە چییە و بیخوێننەوە، ئەوجا دەبێ سەد ساڵ پێش ئەوە چۆن بووبێ و چی ڕووی دابێ، یەک دنیا شتی جوانمان هەبووە، دەماودەم گۆڕاون و نەماون، ئەگەر وەک ئەورووپا بە نۆتە بوونایە، ئەوە بارودۆخی هونەرەکەمان، فۆلکلۆر و کولتوور و مۆسیقامان زۆر لەوەی ئێستا هەیە، باشتر دەبوو.

**ڕامان:** بۆچی ئێستا دەست پێ ناکەین؟

**نامدار قەرەداغی:** وابزانم پێشتر تۆزێک باسم کرد، لەم وڵاتەی ئێمەدا کە وڵاتێکی سەوز و بە پیتە، ئاو و هەوای چاکمان هەیە، کورد بە بۆماوەیی (وراثة) گەمژە نییە، بە بۆماوەیی مێشکی خراپ نییە، بەپێی ئەم کەشوهەوایە، بەهۆی بۆماوەییەوە بێ، یان بە هەر هۆیەکەوە بێ، ئەگەر خاوەنمان هەبوایە، وڵاتمان هەبوایە، زۆر کەسی وەک (بتهۆڤن) و (مۆزارت)مان دەبوو، لە هەموو ڕووەکانی تری ژیانیشەوە هەر هەمان بووە و پێیان نەزانراوە، زۆری وەک (حەسەنی نەی) مان هەبووە، ئەگەر لە وڵاتێکی وەک کوردستان نەبووایە، لەوانەیە (بتهۆڤن)ێکی لێ دەرچێ، داخەکەم هەر پێشی نەزانراوە کە موزیکژەنە و هەیە، تەنانەت لەناو ئێمەدا جێی نەبووەتەوە، زۆر ئافرەتمان هەبووە، دەنگیان زۆر خۆش بووە، تەنانەت لە حەمامیش نەیانوێراوە گۆرانی بڵێن.

**ڕامان:** زۆر سپاس.

**نامدار قەرەداغی:** سپاس بۆ ئێوەش، دەستتان خۆش بێ.